# هانێ ئەوە منم!

ئومێد محەمەد
بورۆس
Omed972@hotmail.com

منێك دوا چڵی هەناسەم
بۆنێكی لێدێ نامۆ
بۆنێك لە بۆنی
گەڵای زەعفەران خەست تر

پێ بە برینەكانمابنێ
بۆ گەیشتن بەو قوببەیەی
ناوی دەنێی خۆشەویستی

هانێ ئەوە منم
بە باخێك بوونەوە
بەردەمی ماڵەكەت پڕ دەكەم
لە گوڵی زەرد و سوور
ئاورشێنیانكە بە فرمێسك
با پڕبن لە شعور

هاوڕێ سپییەكەم
مۆمەكان زیاتر دەسووتێن لە سووتان
ئەستێرەكان زیاتر لەكاتی مانەوە
دەمێننەوە
نە شەو دەیەوێ
سەرپۆشی ڕۆژ لەسەرنێ
نە ڕۆژ دەیەوێ
سەرپۆشی شەو بە ڕوویدادا

هانێ ئەوە منم
بە تەمەنێکەوە کە نازانم بیژمێرم
ناوی دەنێم سفر
سفرێکی کەڵەگەت
دێم لەگەڵ کۆمەڵێك پەپوولە
ئەوان بە فڕین خۆیان پڕ دەکەن لە سەما
من بە ئەوین
جوانترین نۆتەیان دەبیستم

هانێ ئەوە منم
لە ئێوارەیەکا دێم بۆ لات
زمانم پڕ بووە لە ئەوین
گوڵەکان پڕ بوون لە وەفا ..